

# کۆمپیوتەر.. بەشێك لە ژیان

عەبدولواحید محەمەد * ـ هەولێر

نووسینو هەندێك زانیاری هاوزەمان لەگەڵ قۆناغە جۆراو جۆرەکانی مێژودا هەبوە، وەك دەرکەوتوە لە سەرەتاکەیەوە زۆر سادەو ساکارانە بووە، واتە تەنها ئەو کەلوپەلانەی کە لە بەردەستدا بوە وەك بەردو قورو داریان بەکارهێناوە، بە دڵنیایەوە ئەو کەسانەی نووسینیان داهێناوە، یاخود بەکارهێنانی ئەو ئامرازانەیان زانیوە، کەسانی زرنگو زیاد لە خەڵکەکانی سەردەمی خۆیان بیریان کردۆتەوە ، بێگومان کارێکی زۆر باشیشیان کردوە، ئەگینا پانتاییکی زۆر لە مێژووی مرۆڤایەتیدا وونو بەشاراوەیی دەمایەوە، دیارە دەماودەمیش لەگەڵ گۆرانەکاندا ئەو لایەنە گرنگە بەرەو پێشەوە چووە، زیاتر جومگەکانی ژیانی ئەو سەردەمانەی پێ تۆمارکراوەو هەر بەوەشەوە رابوردوو ئێستایان بەیەکەوە گرێداوە، راستیەکەی مەبەستم لەم پێشەکیە کورتە ووروژاندنی بابەتێکە، لە ئەمرۆدا بۆتە ئامانجو جێیباسو خواسی گشت لایەك ئەویش بەکارهێنانی کۆمپیوتەرە.

کۆمپیوتەر ئەو ئامێرە گرنگەیە هەر لەگەڵ دۆزینەوەو دروستکردنیدا گۆرانێکی ریشەییو قوڵی بەسەر زانستو زانیاریدا هێنا، بەواتایەکیتر لەبری ئەوەی تەنها پشت بەدەستو پەنجە ببەستی بۆ نووسین، یان لە جیاتی خانەکانی مێشك بۆ کۆکردنەوەو خەزنکردنی زانیاریەکان، دەتوانرێ ئەو ئامێرە پر بەهایە بەکاربهێنرێ، دیارە ئەوروپیەکانو ئەمریکیەکان لە پەنجاکانی سەدەی رابوردو دواتریش وولاتانی رۆژهەلات و باشوری ئاسیا بە شێوەیەکی بەربلاو کەوتنە هەڵپەی بەکارهێنانی ئەو ئامێرە ، بە جۆرێك ئێستاووردو درشتی کارەکانی ئەو وولاتانە بە کۆمپیوتەر ئەنجامدەدرێت ،ئەوەی راستیبێت کەس لە خۆیەوە شارەزای بەهاو بە کارهێنانی نەبوە، بگرە لە رێگای خوێندنەوە بوە، واتە پاش درککردن بە گرنگیەکەی بە بریارێکی فەرمیو کردارەکی وانەی کۆمپیتەر لە هەموو قۆناغەکان دەخوێندرێ، تەنانەت ئێستا وایلێهاتوە سەرجەم بابەتەکانی تریش لە رێگای کۆمپیوتەرەوە دەخوێندرێن، واتە ئەو رێگا کلاسیکیەی خوێندن لە هەندێك لەو وولاتانە لەبیرکراوە، پێویستە بگۆترێ مەسەلەکە گەیشتۆتە ئەو ئاستەی گەر شارەزاییت لە کۆمپیوتەر نەبێت بە کەمو کورتیەکی زۆر گەورە دادەنرێت، لێرەدا بە پێویستی دەزاتم چەند پرسیارێك ئارەستەی خۆمانو هەموولایەك بکەم، تا چەند هەوڵدراوە فێری بەکارهێنانی ببین ؟ ئایا نەبۆتە بەشێك لە ژیان ؟ ئەمرۆ ئەوەی نەیزانێ هەست بە جۆرێك لە تەریقبونەوە ناکات ؟ لە راستیدا وەڵامی ئەم پرسیارانە بەوە دەدرێتەوە ، دەبا هەموو لایەك هەوڵبدەین ئەگەر بە شێوەکی سەرەتایش بێت هەندێکی لێ بزانین، پێویستە دام و دەزگاکانی حکومەتیش بۆ دانانو دیاریکردنی هەرکەسێك لە پۆستەکەی مەسەلەی شارەزابونو زانین لە کۆمپیوتەر بکاتە مەرجێکی بنەرەتی.

سەبارەت بە وەزارەتی پەروەردەش کە ئێستا خەریکی گۆرانکاریە لە پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن، دیارە گۆرانیش تەنها پرۆگرام نیە، بەڵکو دەبێ هەموو جومگەکان بگرێتەوە، تەنانەت ئەو کەسانەش بگرێتەوە کە بەو کارە هەڵدەستن، مەبەستم لێرە ئەوە نیە بەرێوەبەرو سەرپەرشتیارو تەواوی بەرپرسەکان بگۆردرێن، خەڵکانی تریان لە شوێن دابنرێت، رەنگە زۆربەیان شایستەی ئەو پلەو پایە بن، بەلام بۆ ئەوانەو ئەو کەسانەی لەوە بەدواوە بەر پرسیارەتیان پێدەسپێردرێت شارەزاییەکی تەواویان لەو ئامێرە پر بەهایە هەبێت، ناکرێت لە وڵاتە پێشکەوتوەکان هەموو کاروبارە رەسمیەکانو رۆژانەی هاووڵاتیان لە رێگای تۆری کۆمپیتەرو ئەنتەرنێتەوە ئەنجامبدرێت، ئێمەش بەبێخەبەر لەو پرسە گرنگە لەسەر شێوە کلاسیکیەکەی خۆمان هەر بمێنینەوە، بە راستی جێی هەڵوێستەکردنە لەم سەردەمە پرلە جەنجالیە کە هەموو شتێك زۆر بە خێرایی بەرەو هەڵکشان دەچێت، ئێمەش لە جێگای خۆماندا گورگەلۆقی بکەین، بە دیوێکیتر جیهان گلۆبالیزمە بوەو وەکو نێو لەپی دەستی لێهاتوە، ئێمەش خۆمان بە دووربگرینو میوانی ئەو سەردەمەبینو خەمێك لەو خاووخلیسکیە نەخۆین سەردەم سەردەمی بە زانستی کردنی هەوو لایەنەکانی ژیانە، شتێك نەماوە لە قاڵببدرێت و قبوڵی ئەو پرسە گرنگە نەکات.

* سەرپەرشتیاری پەروەردەیی